https://doi.org/10.24271/garmian.202 http://jgu.garmian.edu.krd

# سیمیۆلۆژیای کات: لە دەقی شیعری کوردیدا

**لوقمان رەئوف**

**پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان**
Luqman.ali@kti.edu.krd

## پوختە

ئەمرۆ سیمیۆلۆژیا بایەخێکی گرنگی لە میتۆدە رەخنەییە هاوچەرخەکاندا هەیە، ئەم بایەخەش لەلایەک لەو گشتگیرییەوەیە کە ئەم میتۆدە هەیەتی، لەلایەکی تریشەوە کار لەسەر هەڵوەشانەوەو بنیانانەوەی دەق دەکات، ئەوەش لە پێناو رزگارکردنی وشەو ئازادبوونی نیشانەو ماناکان لە قاڵبی مانادا.

هەرچەندە تاوەکو ئێستا لەبارەی دیاریکردنی چەمکی سیمیۆلۆژیاوە، لێکۆڵەران بە شێوازو میکانیزمی جیاوازەوە سەرقاڵی ئەم کارەبوون، بۆیە خوێنەر رووبەرووی گرفت و زاراوەی جیاواز دەبێتەوە، بەتایبەتی کاتێك خوێنەر سیمیۆلۆژیا دەخوێنێتەوەو هەوڵدەدات لێی تێ بگات و چەمك و سنورەکان دیاری بکات، چونکە لەلایەك فرە زاراوەیی هەیە، لەلایەکی ترەوە سیمیۆلۆژیا قوتابخانەیەکی گشتگیرەو تەواوی بوارەکانی لۆژیك، بیرکاری، رۆشنبیری،.....تاد دەگرێتەوە، هەر لەبەرئەوەش سیمیۆلۆژیا بە سەردەستەی راستەقینەی هەموو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دادەنرێت.

سیمیۆلۆژیا زانستێکە لە فۆرمەوە دەچێت بۆ ناوەڕۆك، لە نیشانکار بۆ بۆنیشانکراو (دالەوە بۆ مەدلول ) و دواتر کانگاو مەرج و لێکدانەوەو بوونی پەیوەندییەکان تاوتوێ دەکات، واتا پرۆسەی لێکدانەوەی فۆرم و ناوەرۆکە، هەموو ئەمانەش لەسەر بنەمای لێکدانەوەی بنەما سیمیۆلۆژییەکانە( بێلایەنی، بونیادگەری، گوتارخوازی)، لێکدانەوەی بێلایەنی بەو مانایەیە، کە کار لەسەر کارنامەی دەق دەکات، چونکە پەیامی بێلایەنی بەشداری لە بەرهەمهێنانی مانادا دەکات ، بەلام لێکدانەوەی بونیادگەری گرنگی بە بونیادی دەق دەدات و لە رێگا جیاوازەکانەوە لە ماناکان دەگات، هەرچی لێکدانەوەی گوتارخوازییە تەنها لەسەر مانای ڕستەکان ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات بەدوای چۆنییەتی بەرهەمهێنانی دەق و جیاوازییە روکەشی و ڕێکەوتنە قووڵەکاندا بگەڕێت.

سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر لێکدانەوەی دەقدا دەکات، ئیدی دەقەکە شیعر بێت یان پەخشان، وەکو بونیادێك و چوارچێوەیەکی زمانەوانیی فرەلایەنی سەیری دەکات، چونکە ئەوە زمانە دەقەکەی بەرهەمهێناوەو لەسەر بنەمای وشەو پێکهاتەکانی هەڵی دەسوڕێنێت ، ئەو پرۆسەیەش بریتییە لە سیستمی نیشانەکان.

لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی ، ستراتیژییەکی پەتییەو ئامانجی دۆزینەوەو ئاشکراکردنی یەکەی بونیادنانی کۆنتێکستە پەیوەندیدارییەکانە، بۆیە لەو حاڵەتەدا، لێکدانەوەو شرۆڤەکردنەکە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی دەق ، یان پارچەپارچەکردنی بونیادەکان ، لە پێناو دۆزینەوەی مانا و رۆڵ و کارنامەی نیشانەکان و میکانیزمی کارلێکی مانایی

کۆنتێکستەکان، بۆیە لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی ناچێتە ژێر باری ڕێگەیەکی دیاریکراو، یان تەکنۆلۆژیاو هەنگاوی دیاریکراوەوە، ئەمەش لەلایەك لەبەر سروشتی دەقەکان، لەلایەکی ترەوە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکەو تێگەیشتنی و هەڵوەشاندنەوەی و پەیوەستکردنی بە کۆنتێکستە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و..... تاد، کە پەیوەستە بە تواناو ئەزموونی لێکدەرەوەوە.

**کلیلە وشە :** سیمیۆلۆژیا , کات, شیعر. کوردی.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:**

- لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا کار لەسەر سیمیۆلۆژیای کات نەکراوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەم ئە نجامداوە.
- دەرخستنی بایەخ و گرنگی کات لە چوارچێوەی سیمیۆلۆژیادا.

**مێتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

سروشتی لێکۆڵینەوەکە وا دەخوازێت کە میتۆدی سیمیۆلۆژی خۆ بسەپێنێت، چونکە ئەوە سیمیۆلۆژیایە دەتوانێت کۆدو نیشانەکان بکاتەوەو رۆڵ و گرنگی کات و دەق هەڵسەنگێنێت و جوانی و توانستەکان دەربخات.

چونکە لە بەشێکی لێکۆلینەوەکەدا پشت بە مێژووی سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا بەستراوە ، بۆیە میتۆدی مێژووییش بەکارهێنراوە، واتە بەگشتی میتۆدی مێژوویی وسیمیۆلۆژی پەیڕەوکراون.

**ڕیزبەندیی بابەتەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتوە : لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیاو سیمیۆلۆژیای کات و مێژووی سیمیۆلۆژیا کراوە.

لە بەشی دووەمدا باس لە سیمیۆلۆژیای کات لەدەقی شیعریی کوردی کراوە - لە نێوان سالأنی 1951-1975 - ، بۆ ئەو مەبەستەش شیعری شاعیران ( گۆران، دیلان، نوری وەشتی، کامەران،کامل ژیر، حەسیب قەراغی، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، سوارە ) بەنمونە وەرگیراون و شیعرەکان بە پێی بارودۆخی سیاسیی سالأنی1950–1975 بەسەر چوار قۆناغدا دابەشکراون : قۆناغی یەکەم 1950-1957 ، قۆناغی دووەم 1958-1962 ، قۆناغی سێیەم 1963-1969 ، قۆناغی چوارەم1970-1975

**بەشی یەکەم**

**چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا :**

سیمیۆلۆژیا زانستی نیشانەکان و میکانیزمی لێکدانەوەیە ، زانستی نیشانەکانیش لە ئەمڕۆدا بووەتە زانستێکی سەربەخۆ لە لێکدانەوەی دەقدا، چونکە میتۆدو زانستێکە پۆلێنی نیشانەکان دەکات ، ئیدی سروشتی بن ، یان دروستکراوی دەوروبەر بن و بە پێی کۆدو کۆنتێکست و ......تاد شرۆڤەیان دەکات .

بەگشتی سیمیۆلۆژیا هەردوو زاراوەی سیمیۆلۆژیا(Semiologie)وسیمیۆتیکا (Semiotique)ی بۆ بەکارهاتووەو هەردووکیشیان لە وشەی (Semio)ەوە وەرگیراون و بنچینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Semeion)واتە نیشانە، بەڵام تەنها لەرووی سەفێکسەکانیانەوە جیاوازن، بەوەی لە زاراوەی یەکەمدا (logie)بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Logos)واتە گوتار، هەندێ جاریش بەواتای زانست هاتوە، لەزاراوەی دووەمیشدا (Tique)کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی و بەواتای ڕێژەیەك لە دیالێکتیکی بەکارهاتووە[1].

جۆن لۆك لە کتێبی ( نامەیەك بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ 1690 ) دا وشەی (Semon)ی وەك شێوە گریکییەکەو بەواتای میتۆدە ئەپستمۆلۆژییە ( مەعریفییە ) فەلسەفییەکان بەکارهێناوەو بە یەکێك لە لقە سەرەکییەکانی فەلسەفەی داناوە[2]"، دواتر ئەم زاراوەیە گوازرایەوە بۆ بواری لۆژیك و زانستی زمان و دواتریش ئەدەب و کلتورو هونەرو سینەماو داب و نەریت و....تاد، لێرەوە سیمیۆلۆژیا یان سیمیۆتیکا بوو بە میتۆدێکی سەربەخۆو بریتییە لە زانستی نیشانەکان ، واتا کارکردن لەسەر نیشانە (Sign) و واتاکان ( Meaning)، پاشان بەواتای تیۆری نیشانەکان بەکارهاتووە .

( لامبێرت )ی فەیلەسوفی ئەڵمانی لە سەدەی هەژدەدا وشەی (Semiotique)وەکو هاوواتای وشەی لۆژیك بەکارهێناوە[3] " دواتریش فەیلەسوفی ئەمریکی)چارلس ساندرس پێرس( زاراوەی سیمیۆتیکا- Semiotics) لێ پێکهێناوە، لەوڕوانگەیەوە ئەو "ڕابەری سیمیۆلۆژیایە لەسەدەی نوێداو لەلای ئەو سیمیۆلۆژیا لقێکە لە لقەکانی ئێپستمۆلۆژیاو یەکسانە بە لۆژیك و ئەو زانستەیە کە لە ئەرکی نیشانەکان و جۆرو کارەکانیان دەکۆڵێتەوە، کەواتە بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ یەکەم جار بۆ پێرس دەگەڕێتەوە ، مەبەستیشی لەو زاراوەیە ئەوەیە ، ئەو زانستەیە کە لە نیشانە دەکۆڵێتەوە، بەکارهێنانەکەش بەمانای کارکردنە لە نیشانەکاندا، جگە لەوە ئەو نوسەرانەی کاریگەرن بە قوتابخانەی ئەمریکی، هەمان زاراوەکەی پێرس بەکاردەهێننەوە، هەرچی سۆسێرە وشەی سیمیۆلۆژی(Semiology) ی بەکارهێناوە، ئەو نوسەرانەی کە کاریگەرن بە قوتابخانە فەرەنسییەکەوە، زاراوەکەی سۆسێر بەکاردەهێننەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە پێرس و سۆسێر زاراوەکەیان لە ( جۆن لۆك ) ەوە وەرگرتوەو بە پێی مەبەستی کارەکەیان زاراوەکەیان لێ دروستکردوە .

کەواتە پێرس ڕابەری سیمیۆلۆژیای ئەمریکییەو سۆسێر ڕابەری سیمیۆلۆژیای فەرەنسییە، بۆیە ئارت ڤان دەڵێت "سیمیۆلۆژیا کوڕی دوو باوکە، یەکەمیان پێرس و ئەوی تریان سۆسێر، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەوی دی بناسێت[4] "

ئەمریکییەکان لە ( پێرس ) ەوە زاراوەی سیمیۆتیکایان وەرگرتوەو ئەوروپییەکانیش لە (سۆسێر)ەوە زاراوەی سیمیۆلۆژیایان وەرگرتوە، بەو پێیەی لەوانەکانیدا بەکاریهێناوە، سۆسێر لەژیانی کۆمەڵایەتیدا سنوری زمانەوانیی بەرەو لێکۆڵینەوەی نیشانەکان برد، واتا هەموو ڕوودانە دالیەکانی لەکۆمەڵگەدا تێپەڕاند، بەوەش سنووری لێکۆڵینەوەی

[1] - عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و السيمياء الادب،منشورات الاختلاف،بيروت،2010،ص17
[2] - بابك احمدى ، ساختار وتأويل متن ، نشر مركز ، ضاڤ هفتم ، تهران ، 1384 ، ص 21
[3] - جان مارى و الاخرون، العلاماتية و العلم النص، ترجمة: منذر عياشى، مركز الانماء الحضارى، سوريا،2009،ص33
[4] - جان مارى و الاخرون، العلاماتية و العلم النص، ترجمة: منذر عياشى، مركز الانماء الحضارى، سوريا،2009،ص33

سیمیۆلۆژیای فراوانكرد، هەر بە هۆی فراوانكردنی ئەرك و ماناكانییەوە، سیمیۆلۆژیای بە زانستی هەموو شتەكان دانا، كە ئەركی خستنەڕووی واتا هەڵدەگرێت، بەڵام هەرچی (پێرس)ە كاركردنی نیشانەی لە چوارچێوەی لۆژیك و دەلالەتە لۆژیكییەكاندا چڕكردووەتەوە.

پێرس دەڵێت "سیمیۆتیكا بریتییە لە تیۆری نیشانەكان و تیۆری گشتیی نواندن، یاخود بریتییە لە میتۆدێك بۆ نیشانەكان (doctrine of signs)"[5] بەنیشانەبوونیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە پەیوەندییەكی قووڵ لەنێوان نیشانەو لێكدانەوەكەدا هەیە، بەمەش كاتێك شتێك دەبێتە هەڵگری سیفەتێكی لێكدراوە بێت بۆ شتێكی دی.

سۆسێر لەبارەی سیمیۆلۆژیاوە دەڵێت "سیمیۆلۆژیا زانستێكەو بابەتەكەی كاركردنە لەسەر ئاماژەی نیشانەكان لە كۆمەڵگادا، ئەو جۆرە زانستەش بەشێكە لە دەروونناسی كۆمەڵایەتی و بە پێی ڕۆڵەكەی، بەشێكە لە دەروونناسیی گشتی "[6] كەواتە سۆسێر پێیوایە كە " زمان سیستمێكە لە نیشانەكان و گوزارشت لە بیرێك دەكەن ، بەڵام قسەكردن كارێكی تاكی ئیرادی و عەقڵیە "[7] كەوایە بیر بەبێ دالەكان و بە پێچەوانەوە بەهایان نییە .

سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە كە لە ئاماژەو هێماكان دەكۆڵێتەوە، بەو ئەندازەیەی لێكۆڵینەوە لە پەیوەندییەكانیان دەكات، بە واتاو دەلالەتە جیاوازەكانەوە[8].

سیمیۆلۆژیا كاركردنە لەسەر نیشانە، نەوەك هێما وەكو هێما، ئەگەرنا دەتوانرێت لە هەنگاوی یەكەمدا نیشانەی لێوەربگیرێت، چونكە جیاوازی لەنێوان نیشانەو هیمادا هەیەو بەگشتی نیشانە ئاماژەیەكی سیمیۆلۆژییەو تێیدا مرۆڤ و ئاژەڵ بەیەكەوە بەشداردەبن، جگەلەمەش نیشانە ئاماژەیەكی هەستییە-حسی بۆ واقیع، یان بابەتێكی ماددییە، بەڵام هێما گوزارشتێكی ڕۆژانەییە بۆ مانایەكی گشتیی تایبەت بە ڕوداوێك، هەرچی نیشانەیە بەشێكە لە زانستی ماددی پەتی و بە پلەی یەكەم هەڵگری بەهایەكی پراگماتیكییە، بەڵام هێما تایبەتە بە مانا، بۆیە سیمیۆلۆژیا "زانستێكە گرنگی بە لێكۆڵینەوەی ئۆرگانی نیشانە، زمان، ئۆرگانی ئاماژە، ڕێنمایەكان .....تاد دەدات، ئەم دابەشكردنەش وا دەكات زمان بەشێك بێت لەسیمیا "[9]

**بە شێوەیەكی گشتی كۆی پێناسەكان لەسەر دوو تیۆر وەستاون:**

1. تیۆری سیانی پێرس، كە لەسەر پەیوەندی سیانی)دال، بابەت، نوێنراو/لێكدراوە (وەستاوە، بەومانایەی تەواوی بابەتەكە لەرووی ماناوە ئەوەی پەیوەندی بە دەرەوەو ناوەوەی دەق هەیە لەناو نیشانەكاندا ئامادەیە و لەسەر لێكۆڵەرە بیناسێنێت.

[5] - منذر عياشى ، العلاماتية وعلم النص، المركز الثقافي العربى، الدار البيضاء، بيروت، لبنان، 2004 .ص 15

[6] - فرديناد دى سوسور ، علم اللغة العام ، ت: يوئيل يوسف عزيز، آفاق العربية، بغداد ، 1985، ص34

[7] - ان اينو، السميائية الاصول و القواعد و التاريخ، ترجمة: رشيد بن المالك، دار مجدلاوى للنشر و التوزيع، 2008 ، ص30

[8] - د. فرج عبدالقادر طه واخرون، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، دار سعاد الصباح، كويت، ط1، 1993،ص 403

[9] - غيرو، السيمياء، ترجمة : أنطوان ابوزيد، منشورات عويدان، بيروت، باريس، 1984، ص 5




تێگەیشتنی سیانی بۆ نیشانە لای پێرس لە چوارچێوەی لۆژیکدا دەردەکەوێت ، کە بریتییە لەلۆژیکی پەیوەندیداری لەلایەك و پراگماتی لەلایەکی ترەوە، ئەم پراگماتییەش لە جێبەجێکردنی ئەم لۆژیکی سیمیۆلۆژیایەدا، بەشێوەیەکی روون دەردەکەوێت و بەرەو شرۆڤەی پرۆسەی بەدەلالەتکردن – التدليل ( Semiosis )دەڕوات.

2. تیۆری دوانەیی سۆسێر، کە لەسەر بنەمای دال و مەدل و وەستاوەو گرنگی بە سەرچاوەی دەرەکی نادات، بەو مانایەی لە خودی ماناکەدا کۆتایی بە مەبەست دەهێنێت .




لەگەڵ ئەوەشدا سیمیۆلۆژیا زانسێکی فراوان و گشتگیرە، لەبەرامبەریشدا گرنگی دەدات بە هەموو دیاردە رەفتارییەکانی مرۆڤ، چونکە لە بنچینەدا ئەرکی سیمیۆلۆژی بەندە بە مرۆڤەوە.

سیمیۆلۆژیا بریتییە لە زانستی هەڵوەشانەوەو بونیادنانەوە، لەمیانەی ئاماژەکانەوە، ئەمەش لە پێناو دیاریکردنی بوونیاتی قووڵی دەقدا، کەواتە سیمیۆلۆژیا ئەوەی بەلاوە گرنگە، کە ئەم نیشانانە لە دەقدا دەیگەیەنن، نەك کێ گوتوویەتی، بۆیە لێکدانەوەی نیشانەو ئایکۆن و ئیندێکس و...تاد واتە بونیانانەوەیەکی نوێ و جیاوازتر لە نوسەری دەق .

کەواتە سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لە نیشانەو هێماکان و پەیوەندیان بە دەلالەتەکانەوە، واتە پەیوەندی مانا بە سەرچاوەکەیەوە، بەوەش زانستێکە لە کۆنتێکستی نیشانەکان دەکۆڵێتەوە، جگەلەمەش زانستێکە لە ڕوانگە گشتیەکەوە گرنگی بە نیشانەکان دەدات و لە ناوەڕۆکیشدا لێکۆڵینەوەیە لە ئۆرگانە هێمایی و نیشانەییەکان، سیمیۆلۆژیا دژی هەموو ئەو

دەقانەیە كە لەناو خۆیاندا دەرگا لەسەر ئاماژەكان دادەخەن، ئەم سنوربەندییەش، نیشانەی لاوازی و سستیی زمانی شیعریی شاعیرەكەیە، لەبەرئەوە خوێنەر/ وەرگر لەمیانەی وێناكردن و بەدوادا گەڕانی مانا شاراوەكانی ناو دەق، دەیەوێت بوویەرەكانی ئێستاو رابردوو ئاشكرا بكات، ئەو ئاشكراكردنەش چۆنێتیی خوێندنەوەو لێكدانەوەكانی وەرگرە.

**مێژووی سەرهەڵدانی زانستی سیمیۆلۆژیا:**

بەو پێیەی كە سیمیۆلۆژیا كاركردنە لەسەر میتای وشەو كۆنتێكست و ئەو مانایەی كە بە مەبەست و بە ئاشكرا دەردەخرێت، بۆیە سیمیۆلۆژیا خاوەن مێژویەكی زۆر كۆنە، چونكە هەر لەسەرەتای دوروستبوونی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، ئەم كۆنتێكستانە بەكارهاتوون، بۆیە "سیمیۆلۆژیا لەسەرەتادا لەڕێگای وێناو بۆچوون و چەمكەكانەوە دەركەوت، كەلەچوارچێوەی گوتاری فەلسەفی یۆنانیدا هەبوون، بەلاَم وەك زانستێكی تەواویكۆنتێكستە واتاییەكان، لەسەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا"[10]

هەموو كارێك بە سروشتی خۆی هەڵگری نیشانەیە بەهۆكاری زەینییەوە، كە وامانلێدەكات بە مەبەستی تێگەیشتن لە شتەكان، یان لە پێناو پێشكەشكردنی زانیاریەكا نمان بەوانی دی بەكارییهێنین [11] "

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری سیمیۆلۆژی لای گریكەكان و "لە قوتابخانەی گۆمانكاری -الشكاكيون (scepticism) كە مەبەستیان گومانكردن بوو لەمەعریفە دەستیپێكردوە، ئەو ڕوانینەش لە سەدەی هەشتەمی پێش زاین و لەسەر دەستی (ئانیسیدیمۆس Aenesidemus ) ی فەیلەسوفەوە سەری هەڵدا، كاتێك كە كاری لەسەر پۆلێنكردنی (دە)گوزاشت كردوە، كە پەیوەندێكی توندوتۆڵیان لەگەڵ لێكۆڵینەوەی پزیشكیدا هەبووە[12].

هەروەها ئەفلاتون گرنگی بەنیشانە زمانییەكان داوە، بەتایبەتی لە گفتوگۆی كراتیلدا[13] "دواتر ئەرستۆ لەكتێبی (دەستەواژە) دا سەرقاڵی نیشانە بووە لەبارەی ماناو شیعرەوەو جیاوازیی لەنێوان (ئاخاوتن و بابەت ) و (بیر و نووسین)دا كردوە ، بۆئەوەی تایبە تمەندێتیی هەریەكە لەو ڕەگەزانە بدۆزێتەوەو سروشتی پەیوەندیی نێوانیان ڕوون بكاتەوە[14]."

جگەلەمەش ئەفلاتون و ئەرستۆ باس لە تیۆری مانا دەكەن و بۆچوونەكانیان ئاماژەی جیاجیای لێدەكەوێتەوەو ئەوەش بە سیمیۆ (Semio)ناودەبەن، كە لە بنەڕەتدا وشەیەكی گریكییەو بە مانای ئاماژە دێت[15]"

پاشان ئەم ڕوانینە هەنگاوی تری بەدوای خۆیدا هێنا، بەشێوازێك "لەسەدەی دووەمی میلایدا ( ئەمپیریكوس Empiricus )ی پزیشك، نیشانە نادیارەكانی پۆلێنكرد، بەلاَم ( گالینۆس Galenos ) جیاوازی لەنێوان نیشانەی گشتی و نیشانەی تایبەتی دا كردوە، كە لەو سەردەمەدا ئاماژە بە شتێكی دیاریكراو دەكات"[16]

---

[10] - عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و سيمياء الادب، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، 2010، ص7

[11]- Greenlee , Peirce s Consept of Sign Mouton , 1973 . p . 19

[12] - د. محمد سالم سعدالله، مملكة النص، التحليل السيمائى للنقد البلاغى، عالم الكتب الحيث، الاردن، 2007، ص14

[13] - د. ابراهيم انيس، دلالة الالفاض، مكتبة الانجلو المصرية، ط5، 1985، ص63

[14]- Aristot:lappoetique(E.d seuil,paris)1979.p5

[15] - نةوزاد ئةحمةد ئةسوةد، فةرهةنطى زاراوةى ئةدةبى و رِةخنةيى، بةرِيَوةبةرايةتى ضاث ء بلاَوكردنةوةى سليَمانى ، 2011 ، ل 89

[16] - هةمان سةرضاوة،ل14

ئەگەرچی باس لەوە کراوە، کە بنچینەی سیمیۆلۆژیا دەگەڕێتەوە بۆ وتەکانی پێرس و سۆسێر، بەلاّم لە راستیدا بنچینەی ئەم زانستە مێژوویەکی کۆنتری هەیە ، چونکە زۆرێك لە فەیلەسوفەکان قسەیان لەسەر نیشانەو فەلسەفەی زمان کردووە ، بەوەش "پەیوەندییەکی بەهێز تا ئاستی وەکو یەکی لە نێوان سیمیۆلۆژیاو لۆژیك و تیۆری مەغریفەدا هەیە ، بەمەش لۆژیکی گریکیی وەکو لۆژیکی یەکەمی سیمیۆلۆژیایە [17] "

پێرس بەهۆی باسکردنی نیشانەو چەشنەکانی لە کتێبی ( کتابات حول العلامه )دا، پێش سۆسێر کەوتوە، واتە پێش بلاّوبوونەوەی کتێبەکەی سۆسێر )چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی لە سالّی (1916)[18]، هەرچی پێرسە دەلّێت "ئەوەندە دەزانم رابەرم ، یان بە شێوەیەکی دی بکەرەوەی دەرگای ئەم زانستەم[19]

دولودال جەخت لەسەر بۆچوونی پێشینەیی پێرس دەکاتەوەو دەلّێت"سیمیۆتیکای پێرس پێش سیمیۆلۆژیای سۆسێر بووەو شتێکە شیاوی گفتۆگۆ نییە "[20]بەلاّم (بێنڤێنست) پێیوایە کارکردنیان لە سەردەمێکدا بووە، بەبێ ئەوەی کەسیان ئەوی دی بناسێت[21]"، بەلاّم ئەوەندە هەیە پێرس درێژەپێدەری هەمان رەوتی فەلسەفی و لۆژیکیی رابردووە، بۆیە سیمیۆلۆژیا وەك زانستێك "لەگەلّ پێرسدا دەستپێکردوەو کار لەسەر هێماو دەلالەت و پەیوەندیەکان دەکات[22] "بەلاّم ئەوەندە هەیە " سیمیۆلۆژیا نەبووەتە زانست، تەنها بەو کارانە نەبێت کە پێرس ئەنجامیدان[23] "بەمانایەکی تر سیمیۆلۆژیا نەبووەتە میتۆدێکی کارکردن بەشێوە سیمیۆلۆژییەکەی، تا ئەو کاتەی پێرس و سۆسێر ناساندیان، بەلاّم پێرس سیمیۆلۆژیای وەکو زانستێك یەکسان کردوە بە لۆژیك، بەمەش سیمیۆلۆژیا بوویە تیۆرێکی گشتگیر و فراوان و سنوری زمانی بەزاند "لەگەلّ ئەمەشدا هەر شتێك پێش زانای سویسری سۆسیرو زانای ئەمرکی پێرسەوە دەربارەی نیشانەکان وترابێت ، لەڕوانگەی سیمیۆلۆژیای مۆدێرنەوە بە سیمیۆلۆژیا لە قەلّەم نادرێت[24] " لە ڕاستیدا ئەمە بۆچوونێکی هەلّەیە، چونکە ئەو مێژووەی خراوەتەروو بریتییە لەو میکانیزمی کارکردنەی کە سیمیۆلۆژیا کاری لەسەر دەکات، بەلاّم لە سیمیۆلۆژیای هاوچەرخدا فۆکەسی زیاتر لەسەر دەخاتە سەر تایبەتمەندێك و ئەمەش لەدەقەکەدا یەکلایی دەکاتەوە .

سەرەتای سەرهەلّدانی ئەو زانستە، تا ڕادەیەکی زۆر دەستنیشانکراوە و ئەو تەمومژییەی کە لەرووی مێژووییەوە بە بوارە مرۆڤایەتیەکانی ترەوە دیارە، لە سیمیۆلۆژیادا بەدیناکرێت .جولیا کریستیفا دەلّێت "لەبەکارهێنانی زاراوەی نوێی سیمیۆلۆژیادا ،بەراستی ئێمە قەرزاری پێرسین[25]"

---

[17] - د. وذنانی بو داود، خطاب التأسيس السيميائی في النقد الجزائری المعاصر، مجلة الاثر ، جامعة عمار ثايجی الأغوط ،جزائر، ص11

[18] - د. جميل حمداوي ،بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات ،، مغرب ، 2011، ص 11

[19] - معين زياده واخرون ، الموسوعة الفلسفية العربية ، لبنان ، 1986 ، ص 753

[20] - مجلة العرب والفكر العالمى ، عدد (3) بيروت، 1988 ، ص 114

[21] - اميل بنفنست، في مدخل الى السيميوطيقا، ت : سيزا قاسم ، دار الياس العصرية ، ب . ط ، ج 2 ، ص 9

[22] - بسيام قطوس ، سيمياء العنوان ، وزارة الثقافة ، عمان ، الاردن ، ط ، 2001 ، ص 16

[23] - د.مازن الوعر ،مقدمة علم الاشارة ، دار طلال للدراسات و الترجمة،ط1، 1988، ص10

[24] - سيميؤلؤذياى زمانى سؤفيطةرى لة شيعرةكانى (مةلاى جزيرى) دا، كامةران ئيبراهيم خةليل مشةختى ، نامةى ماستةر ، زانكؤى سةلاحةدين ، 2007 ، ل 5

[25] - جوليا كريستفا، علم النص ،ت: فريد الزاهی، دار توبقال، دار البيضاء، 1991،ص15

لەراستیدا کارەکانی پێرس بەشێکی گرنگن لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و لۆژیکی لەسەر نیشانەو لێکدانەوەو پۆلێنکردن و میکانیزمی کارکردن، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "سیمیا خودی لۆژیکە بەهەرسێ بەشەکەوە، کە بریتییە لە ( زانستی فانیروسکوبی Phanero scopic نیشانەکان ، واتە ئەو فۆرمەی کە فانیرون (Phanerons ) ەکان تێدا بەرجەستەدەبن ، بەو وەسفە سەرەتاییەی کە لە عەقڵی مرۆییدایە[26]"

ئەگەرچی سۆسێر لەوانەکانیداو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا وشەی (Semiologie)بەکارهێناوە، بەلام سەبارەت بە کارکردن لەناو زانستی زماندا "سۆسێر یەکەم کەسە مژدەی زانستێکی نوێ دەدات ، لەبارەی لێکۆڵینەوە لە ژیانی نیشانەکان لەناو ژیانی کۆمەلایەتیداو لە ڕێگەی ئاشکراکردنی یاسای نوێوە، کە دەتوانێت شوێنێکی گرنگ لە ( مرۆیی ، کۆمەلایەتی ) شرۆڤە بکەین لە ڕێگەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی سنورو فۆرمی ئەم کۆنتێکستانەوە [27]"

سۆسێر وای دەبینێت هەموو مانایەك لە نیشانکار و بۆنیشانکراو پێکهاتوە ، نیشانکار بریتییە لە وێنەی دەنگی وشەکەو بۆنیشانکراویش بریتییە لە مانای زەینیی وشەکە، پەیوەندی نێوان دال ومەدلول پەیوەندیەکی لەخۆوەیە و هیچ پێوەرێکی پێشوەخت وەرناگرێت .

سیمیۆلۆژیای سۆسێر بەسەر دوو تێگەیشتنی جیای نیشانەدا دابەشبووە، بەردەوامی کۆمەلایەتی و بنەمای دەروونی هەریەك لەم لایەنانەی نیشانەش واتە نیشانکار و بۆنیشانکراو سروشتێکی دەروونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی پێناسەی سەرەکی بۆ زمان (longue)و نیشانەکانی پەیوەستە بە سروشت و بەردەوامی کۆمەلایەتی، لەراستیدا ئەم جیابوونەوەیەش لەوەیە، کە سۆسێر نیشانەی لەسەر چوار چەمك دیاریکردوە، کە دوانیان لەپێناسەکەدا ئاشکراو دیارن و دوانەکەی تریان نائاشکران وەکو نیشانکار و بۆنیشانکراو ، واقیعی دەرەکی نیشانە ، کانگا.

لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا یەکێك لە سیمیۆلۆژییە هاوچەرخەکان ( جان ماری کلینکیمبرگ- Jean Marie Klinkenberg ) ی بەلژیکی و مامۆستا لە زانکۆی ( لیج ) پێیوایە سیمیۆلۆژیا هێڵکارێکی چوارییەو تەنها نیشانەی زمانی بۆ پۆلێنە سیانییەکەی پێرس زیاد کردوە، دەڵێت"سیمیۆلۆژیا لە ماناو مەبەستە پەیوەندیدارەکان دەگەڕێت[28] بەوەی سیمیۆلۆژیا گەڕانە بەدوای مانا شاراوەکانی دەق و ئەو مانایانەی کە نرخ و بەهای دەق دیاریدەکەن .

لەکۆی ئەو بۆچوونانەش ئەوە دەخەینەروو، کە سیمیۆلۆژیا بە دوو قۆناغدا تێپەڕیووە :

قۆناغی یەکەم: قۆناغێك کە قۆناغی فەلسەفەو لۆژیکەو هەلەسەردەمی یۆنانەوە دەستی پێکردوە، قۆناغی دووەم :بە قۆناغی سەربەخۆبوونی سیمیۆلۆژیایە وەك میتۆدو قوتابخانە، بەهەردوو ئاراستەی لۆژیکی و زمانەوانی بەڕابەرایەتی پێرس و سۆسێر.

---

[26] - Charles s.peirce : collected papres , vol . p . 141

[27] - سعيد بنكراد، السيميائيات و مفاهيمها و تطبيقاتها،ص87

[28]- http://almothaqaf.com/index.php/qadaya2009/63069.html

**سیمیۆلۆژیای كات:**

**كات ئەو ماوانەیە كە توانای دیاریكردن ، یان كاریگەری لەسەر لێكدانەوی ڕووداوەكانیان بە پێی كاتەكەكان هەیە، واتە كات ئەو هێزەیە لەلایەك زەمەن و لەلایەكی تریشەوە واتەكەی لەگەڵ دەقەكەدا دیاریدەكات و كاتیش ڕۆڵی لە دیاریكردنی مەدلولەكان لەسەر خوێنەرو میكانیزمی لێكدانەوەكان هەیە، بەمەش كات ئەوەندە پەیوەستە بەدەقەوە، كە ئەركی كات دەكەوێتە سەربەشێك لە وشەو ڕستەكان، لەبەرئەمە سیمیۆلۆژیا كات وەك نیشانەو هەڵگری واتای جیاواز دەناسێت،و لەڕێگەیەوە كاتەكان لێكدەداتەوە.**

**كات ئەو پەیوەستەیەیە كە ڕووداوەكان ڕێكدەخات، ئەو زنجیرەیە كە بەشەكانی لێكدەدات، بێئەوەی كار لەتێكدانی ڕووداوەكان بكاتو لێیانتێنەگەین، ئەمەش وایكردوە كات ببێتە دۆزی هەموو شتێكی زیندو و بایەخ و كاردانەوەی گرنگی هەبێت ، كات لە شیعردا پێگەو ڕۆڵی هەم لە بیناو هەم واتادا هەیە.**

**هەموو دەقێكی ئەدەبی بەو پێیەی باسكردنە لە ڕووداوێك، بۆیە كات پەیوەستەیەكە بە ڕووداوەكان و لە چوارچێوەیەدا بە یەكیانەوە دەبەستێتەوەو بەدەر لەوەی بەدوای یەكدا ڕێكیان دەخات، بەشداری لە بەرهەمهێنانی واتای مەبەستداردا دەكات، واتە ئەو مانایەی كە نوسەر لە كاتەكەدا بەجێیدەهێڵێت بۆ خوێنەر، بەمەش ئەركی سیمیۆلۆژیایە كار لەسەر ماناو ئەركی كات لە دەقدا بكات.**

**كات لە دەقی ئەدەبیدا هێڵەكانی ناو دەقی ئەدەبی پێكەوە گرێدەداتو یەكێكە لەو خەسڵەتە بەهێزانەی، كەدەقی ئەدەبی لەخۆی دەگرێت ،لە سیمیۆژیای كاتدا واتا بۆ جۆری لێكدانەوەی واتاكەی بە جێدەهێڵرێت، چونكە دەقی ئەدەبی لەبنچینەدا بڕوای بەبوونی چەمكی سنووردارو كۆتایی بۆ واتاو دەلالەتەكان نییە، لەبەرئەوەی كرانەوەیەكی بێكۆتاییو پێكهاتەییو هەڵوەشاندنەوەیی هەیەو لەسەر بنەمای ئاسوی نوێو ئاستی جوڵەی دەقەكە لێكدانەوەكانی وەردەگرێتەوە.**

**جیرار جێنیت (G.Genette) پێیوایە;"كە مانی ئەدەب هەروا بە ئاسانی بەكاری خۆی هەڵناسێت، چونكە گوزارشتێكی یەك واتایی نییە، بەڵكو واتای زۆرو هەمەچەشنی هەیە، جاری واهەیە وشەیەك زیاتر لە واتایەك لە واتای ڕاستەقینەو خوازەییەكە لە خۆدەگرێت و واتای دەلالیش لەنێوان مەدلولی حەقیقیو خوازەییدا بنیاد دەنرێ"[29] سیمیۆلۆژیای كاتیش ڕۆڵی لە دیاریكردنی كات و جۆری كاتەو ڕەنگدانەوەی لەسەر مانای دەقەكە هەیە ، بەمەش دەبێتە بەشێكی بەرهەمهێنی واتایی ناو دەق، كەواتە هێنانی كات، یان هەڵبژردنی لە ناو دەقدا لەخۆوە نییە، بەڵكو هەر كاتەو ئەرك و ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیەو هەریەكشیان چ بەتەنها، یان لە كۆنتێكستی دەقدا، هەڵگری ئاماژەو نیشانەو مەدلولی خۆیەتی، بەمەش بەشدارییەكی كارا لە بەرهەمهێنانی مانای تایبەتی و گشتی دەقدا دەكات.**

29 - محمد عزام، النقد والدلالة، نحو تحليل السيميائى للادب، منشورات وزارة الثقافة، سورية، دمشق،1996، ص285

بەو پێیەش بێت ، سیمیۆلۆژیای كاتە بریتییە لە شرۆڤەو لێكدانەوەو بە نیشانەبوونی كاتی دەق بە پێی جۆری كاتەكەو ئەو مانایەی كە دەق دەیەوێت بیگەیەنێت، بەمەش كات لە میتۆدی سیمیۆلۆژیادا بەهەمان شێوەی كۆدەكانی تر، كات دەبێتەوە بە بەشێك لە هەڵگری مانا شاراوەكان، یان میتا ماناكانی ناو دەق.

**بەشی دووەم**

**سیمیۆلۆژیای كات لەدەقی شیعرییدا**

**قۆناغی یەكەم 1950-1957 :**

1.**دیلان** :لەشیعری ( نەورۆز 1953) دا ئەو كاتە گرنگە دەخاتەڕوو، كەنەورۆز لەخۆیدا هەڵیگرتوەو بەهۆی ئەم ڕەهەندانەوە دەسەلاَت و كۆشكی زاڵم‌و دیكتاتۆرەكان دەڕوخێنرێن، نەورۆز بۆ كورد مێژووی ئازادی‌و زیندوبوونەوەو هەستانەوەیە، لەم شیعرەدا شاعیرە ئەوە ڕووندەكاتەوە، نەورۆز ڕۆژێكە لەو ڕۆژانەی كەهێزی گەلی تێدا كۆدەبێتەوە، یەك دەنگی‌و یەكگرتویی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەبێ گوێدانە هیچ بیرو ئایدۆلۆژیاو ڕەنگ...تاد، واتە تاكە جەژنە كە بەبێ هیچ یەكێك لەمانە، یان كۆسپێك ، دەنگەكان لەسایەیەكی رەنگاڵەییدا كۆبكاتەوە، هەر ئەم خاسیەتەش وایكردوە ببێتە هۆی سەرخستنی شۆڕش‌و ڕاپەڕینەكان لەم ڕۆژەدا، لێرەوە نمونەی كاوەی ئاسنگەری هێناوەتەوە، كە بۆ كورد سیمبولی نەورۆزو ئازایەتییە، بۆیە لەبەرامبەریشدا ناوی چەندین دیكتاتۆری سەردەمەكانی هێناوەتەوە، واتە دەیەوێت ئەوە بڵێت ، ڕۆژی نەورۆز ڕۆژی هێزو یەكیەتی و سەركەوتنەكانە بۆ كورد، وەك دەڵێت:

"ئاورێ ...ئاورێكی دوور

لەرۆژی ....رۆژێكی سوور

ئاورێ لەرۆژێكی سوور

لەتەختێ هەڵگەڕایەوە

بۆ گزنگی ڕۆژێكی نەو!!

ئاورێ.....ببێتە عیبرەتێ....دیلان، ل[31]

كە وایە ئاوڕەكەو ڕۆژی سوورو ڕۆژی نەو، ڕۆژی نەورۆزەو سوریش خەباتی كرێكاری‌و چنی چەوسانەوەكانە كەلە پێناو ئازادیاندا خوێنیان دەبەخشن و هەر لە كاوەوە، ئەم هێزە توانیویەتی دەسەلاَت هەڵگەڕێنێتەوە،وەكو دەڵێت:

كەرا پەرێ لەخەو

بەرامبەر سامی شەو

بۆ گزنگی ڕۆژێكی نەو

ئاورێ ...ببێتە عیبرەتێ

بۆ زاڵمێ، دارێ ، پەتێ

یا بۆ ...وەحەی )زوحاك(

هیتلەر وچار و ماك

بۆ کۆشکێ بوو بەخاك

ئاوڕێ لەچەکوش بە شان

لەکاوەی قارەمان......دیلان، ل[32]

کات کە خۆی لە وشەی ( رۆژ، شەو ) دا دەبینێتەوە، دوانەیەکی پێچەوانەو دژی لە پێناو دەرخستنی پێگەی کات و هیواکان و ناساندنی ئازادی و دیکتاتۆری هێناوەتەوە، بۆیە رۆژ نیشانەی هیواو روناکی و ئاسۆیەو شەویش نیشانەی تاریکی و چەوسانەوەیەو لە چوارلایی ئەم دوو دژەوە، ماناکە بەرجەستە دەبێت، لەم روانگەوە کاوەو ئاگرو ئەم رۆژە، سێکوچکەی تەواوکەری واتای سیمیۆلۆژی دەقەکەن، بۆیە لەم دەقەدا هەریەکە لەم سێیانە واتایەکی کراوەی مەدلولاوی دەبەخشن ، لەرێگەی ئەو سێ کەرەستە سەرەکیەوە، دەقەکەیان بەرفراوانکردوە.

2. **نوری وەشتی** :شیعری ( یادی رابردوو 10/3/1955) ئەگەرچی باس لەرابردووەو لەڕووی بەسەرچونەوە کات تەواوبووەو ئیدی هیچ کاریگەریەکی لەسەر کات نەماوەو بووەتە کاتی رابردوو، بەڵام ئەو ساتە ئازار بەخشانەی کەلەدەقدا هەن بەردەوام لەڕووی هێزەوە کاریگەریان بەردەوامە، بەوواتایەی کات لەدەقدا بەشێکی گرنگی پێکهێنانی واتای دەقە، بەوپێیەی ساتەکانی رابردوو، ئەو رازانەی کەجوانو نرخو یادیان تێدایە، بەهەمان جوانیو بایەخی رابردوو لەگەڵ زەمەنەکاندا دەپارێزێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو جێکەوتە لای خوێنەرو لێکدانەوەکانی بەجێدەهێڵێت، کەبنیادی لێکدانەوەو بەستنەوەی دەقەکەی لەسەر بونیادەنێت، بۆ نمونە:

بەوێڵیو دەربەدەری

لەتامی ژیان بێ بەری

ئێشو ئازار ناڵەی نیوەشەو

بەرووتیو قوتی کەم چوو لەچاو خەو

لەم دێ بۆ ئەودێ لەم شار بۆ ئەو شار

بەرەنگارم بوون زۆر دڕندەی هار.....ل[12]

لەم دەقەدا ئەگەرچی باس لەچەند ساتێکی ناخۆشی رابردوودا دەکات، بەڵام هێنانی نیوەشەو ئەو دەلالەتەمان پێدەبەخشێت، کە ترس و چەوسانەوەو مەینەتییەکان زۆرن، بۆیە نیوەشەو مانای ئەو ساتە تاریك و درەنگانەمان دەداتێ، کە مرۆڤ هانای بۆ دەبات ، چونکە ساتی خەوتن و زۆر تاریکی شەون، تاکە دەرفەتی هەڵهاتن و خۆپارێزییە، بەڵام ئەم ساتانە لەدەقدا بوونەتە شتێکی جوانی یادو بایەخێکی گرنگیان بەدەق بەخشیوە، بەمانایەکی تر رابردو بریتییە لە ئازارو چەوسانەوەو دەربەدەری، بریتین لە خستنەرووی شوناسی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، لەبەرامبەریشدا هێزی مانەوەو بەردەوامی

دەخاتەروو، کە توانیویەتی هەموو ئەم کۆسپانە ببڕێت، بۆیە ئەگەر ئەم کۆسپانە نەیانتوانیبێت شکستی پێبهێنن، ئەوا گرفتەکانی یار ناتوانن چۆکی پێبدەن، وەك دەڵێت:

لەکاتی کەوا بڵێسەی ئاگر
لەناخی دەروون دەرئەچوو لە پڕ
ئاگری هیچ کات ناکوژێتەوە
گڕو روناکی دانەمرێتەوە
ئا لەم کاتەدا گیانیش را پەری
رێگای هاتو چۆی تۆ هاتەبەری
تا وەك رۆژی رابردوو
بەلام دواقسە ئەلێم
باش بپرسە کەمن کێم
ئەگەرچی دڵت شکا بێ
رووت لەمن وەرگێڕا بێ
پەیوەندیمان پچڕابێ........ل14-16

ئەوەی ئەم نەمریەی بەو دەقە بەخشیوە ئەوەیە، ئەوساتە جوانانەی کەلەرابردوودا هەبوون و بوونەتە یاد، چونکە دابڕان روویداوە، بەڵام لای شاعیر ئەم پەیوەندیە بەردەوامەو ئەم جوانیانە لەدەقدا بەردەوامن، چونکە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو و بەردەوامی ژیانی شاعیر، واتە کاتی رابردوو هێشتا ئێستایەو لای شاعیر نەبوونەتە رابردوو، بۆیە بەم هێزی ئێستاییەوە لێیان دەڕوانێت، وەك دەڵێت:

من بەدووتەوەم تۆ خۆشەویستی
من دڵم پاکە گەرچی تۆ پەستی
سوێندم بەو دڵە کە دابووت بەمن
بەو چاوە جوانەی بڕیووتە من
بەیادی جاران رۆژی رابوردوو
بەکاتی گەرم و ساردی بەسەرچوو
ئێستاش هەروەها یادی تۆ ئەکەم
لەکوێ بتبینم بۆت کڕنۆش ئەبەم......ل16

کاتی رابردوو بۆ شاعیر بریتییە لە ژیان و هیواو جوانی، بۆیە گەر دابڕانیش روویدابێت، شاعیر ناتوانێت لێیان دووربکەوێتەوەو بەهۆی ئەو جوانییەی کە لە دڵی شاعیردا دروستیکردون، وادەکات شاعیر رابردوی بەزیندویی لەلا بمێنێتەوە.

3.**کامەران موکری** :لەشیعری ( جوانی ی بەهار( 1957 ) دا کە دەیەوێت باس لەبەهار بکات، کە کاتو وەرزێکی دیاریکراوی خاوەن سیفەتی جوانییە، واتە ئەوە بەهارە کەجوانە، نەك جوانەکە بەهاربێت، کەواتە لێرەدا قسە لەسەر خودی کاتە کە وەرزی بەهارە، جوانی بەهاریش لەو دیمەنە جیاوازانەدایە کەلەناو ئەم وەرزەدا هەن، واتە جوانییەکەی خودی دیمەنە جیاوازەکانی کاتەکەیە، کەلەوساتە، یان کاتە دیاریکراوانەدا روودەدەن، شاعیریش دەیەوێت لەرێگەی ئەم دیمەنە جیاوازانەوە، گرنگیو بایەخی بەهار لەچوارچێوەی جوانییەکانو کاریگەریان لەسەر مرۆڤ بخاتەڕوو، وەك دەڵێت:

بووکی بەهاری جوانی ڕازاوە

لەکوردستانا خە یمەی هەڵداوە

ورشەی پەڕەی گوڵ، وەك ورشەی نیگا

بلبلی عاشق بۆی ئەبێ شەیدا

گوڵ کاسەی بادە، شەونم بۆتە مەی

مەل مەستو سەرخۆش دەمی پڕ ئۆخەی

وەکو فریشتە گوڵی هەڵوەریو

لەسەرسنگی ئاو، جۆگەی وەکو زیو ..................ل[76]

کەواتە ئەوە هێزی کاتەکەیە وا دەکات بولبول عاشقی گوڵەکان بێت و دڵەکان مەست و سەرخۆش بن، بەمانایەکی تر ئەو تایبە تمەندیانەی کە بەهار لە کاتێکی دیاریکراودا دەبێتە خاوەنیان، ئەو کات و ساتانەن کە دەتوانێت هەمووان کۆبکاتەوەو جوانی و خۆشی ببەخشێتە کۆی گشتی سروشت، بۆیە جوانیەکان دیاریکراون و کاتێك لە کاتەکان دەبێتە هەڵگرو مانابەخشی ئەم جوانییانە، بۆیە شاعیریش ئەو کاتەی بەهاری کردوەتە دەلالەتی مانای شیعرەکە.

**قۆناغی دووەم 1958-1962 :**

1.**دیلان: لەشیعری 14)تەموز(دا کەباس لەشۆڕشی تەموزی 1958یان کودەتای 1958دەکات**، پاش ئەوەی عەبدوسلام عارف لەرێگەی لیوای (20)ەوە کەلەژێر فەرمانی دابوو، بەهاوکاری ئەفسەرە نیشتمانیو ئازادیخوازەکان ،دەستی بەسەر سوپای گشتی و رادیۆو تەلەفزیونو تەلەفوندا گرت ، سیستمی پاشایەتی فەیسەڵی دووەم روخێنراو سیستمی کۆماری بەسەرۆکایەتی عەبدوسلام عارف راگەیەنرا، شاعیریش لەم دەقەدا دەیەوێت لەڕێگەی بولبولی ئاوارەوە، بەستەی دڵەکان بخاتەڕوو، کەبەهۆی ئەم شۆڕشەوە روویانداوە، چونکە سیستمی پاشایەتی، سیستمێکی پاشکۆیی بەریتانی بووەو ئابوریش لەخزمەتی بیانی دابووە، بەتایبەتی نەوت، بۆیە ئەم شۆڕشە بۆ عیراق ئازادکردنی عیراق بوو لەدەستی بیگانە، لەبەرئەمەش بەستەی دڵەکان بەشێوەیەکی گەشاوە دەخاتەڕوو، شاعیر دەیەوێت هەستی خەڵکی لەچواردەی تەموزدا بخاتەڕوو، واتە چواردەی تەموز ساتێکی مێژوویی و هێزو ئومێدی رزگاربوونی گەلی عیراقە لە ژێردەستی بۆ سیستمی کۆماری، ئەم مێژووەش بەردەوام هەڵگری ماناو دەلالەتی جیاوازو تایبە تمەندی خۆیەتی وەك دەڵێت :

بۆم بخوێنە ئەی بولبولی ئاوارە بەستەی دڵی ، لەسەر مەستو گەشکەدار

بەستەی دڵی، پڕ لەتریقەو هەستە مەستی کاتێ لەهاوین دا بەهارە

بەستەی کاتێ چیمەن بەفەڕ بەشۆیە ئاسمان بووکو ئاوێنەکەی نزارە

بەستەی کاتێ ...شادی ئاڵی و ڕازاوە گۆڕکراوەی هەڵ لووشینی ئازارە ...دیلان،ل[98]

مەستی کات، مەستی زەمینە رەخساندنی هەلومەرجی شۆڕشی 14تەموزە، کە لە بەهارەوە دەستپێدەکات و لە هاویندا سەردەکەوێت، بەمانایەکی تر پێش هاوین لەگەڵ وەرزی گەرماو بێزارییە، بەڵام بۆ ئەم شۆڕشە سەرەتای بەهارێکی نوێیەو تێیدا هیواو ئومێدەکان دەگەشێنەوەو بەهیواوە لە ژیانێکی نوێتر دەڕوانن.

یان دەڵێت:

بڵێ لە جێی پەتو داری قەنارە واناشتنی چنارو دار هەنارە

بڵێ لە جێی چەرمەسەری و بێ زاری شادمانی و کامەرانی بەبارە

بەستەیێك بێ ئەم خەڵکە هەڵ سەنگێنێ دوورە پەرێز رابگرێ ...بێ کارە

بەستەیێك بێ بڵێ هانێ سەربەستی گەلیش ئەوا ئازادو بەختیارە ...دیلان، ل99

کەواتە کات کاتی سەرهەڵدانی هیواو ئومێدەکانە، ئەگەرچی کاتی گەرماو لوتکەی هاوینە، بەڵام لێرەدا تەموز ڕۆژی ئازاد بوونە لە پەت و سێدارەو چەرمەسەریەکان، ڕۆژێکە تێیدا خاڵی وەرچەرخانێکی نوێیە لە سیستم و هەنگاونان بەرەو ئاسۆکان دەستپێیکرد، بۆیە مێژویەکی گرنگ و بەبایەخە لەلای گەلانی عێراق.

2.**کامل ژیر** :لەشیعری ( نەورۆزی کورد 1959) بەهەمان شێوە بەرۆژی شادیو ئازادی دەزانێ، ئەوە دەخاتەڕوو کەدەبێ سروشتیش مەبەستی لە (21/3)کەخۆی نوێ دەکاتەوەو ئازادیو سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، دەڵێن ئەبێ کورد سەربەخۆ ئاڵاکەی هەڵبکات، واتە ئازادو سەربەخۆبێت، چونکە نەورۆز لای کورد ڕۆژی ئازادبوون و سەربەخۆبوونەو مێژووی سەرکەوتن و رزگاربوون لەم ڕۆژەدا ئەوەی سەلماندوە، بۆیە شاعیر دەیەوێت بڵێت لە ژێر سایەی ئەم مێژووەدا(3/21)، چەندێك کورد ژێردەستەش بێت، وەك میللەتێکی یەکگرتوو سەربەخۆ خۆیان دەردەخەن و هەمان هەڵوێستی گەلێکی یەکگرتوو نیشاندەدەن، وەك دەڵێت :

ئەمرۆ نەورۆزە، جەژنە هەرایە سەرپڕ لەسۆزی شایی و ئاهەنگە

ئەمرۆ لەلای من خەنە بەنانە ئاڵای چوار رەنگم لاهەڵکراوە

سروشتیش ئەڵێ کوردی قارەمان ئەبێ سەربەخۆ هەڵکا ئاڵاکەی

یەك بگرێتەوە کوردستانی جوان دیلی و ژێر دەستی ئیتر تاکەی؟

مژدەم ئەداتێ نەورۆزی ئەمساڵ باوەڕی هەیە، تازەیەو وردە.

پیرۆزو بەرزو ڕۆشن و ساماڵ تاکە ڕێبازی نەتەوەی کوردە ....هەڵبەستەکانی زیرەك،ل25

لەلایەك كات بریتییە لە نەورۆز، كاتی كۆبوونەوەو وەرگرتنی مافەكانە، هێزی كۆكردنەوەی كوردو راگەیاندنی ئازادییە، كەواتە ئەوە 21/3 یە ئەو هێزە دەبەخشێتە هەم شاعیرو هەم خەڵكی كوردستان و خەباتی كوردستان بەگشتی كە ئایندەی نزیكە، واتە نەورۆز كاریگەری زۆری لەسەر سایكۆلۆژیاو نەستی تاكی كورد هەیە، بەبێ جیاوازی شوێن و باری سیاسی و....تاد.

3.**كامەران موكری** :لەشیعری ()دیاریی نەورۆز) (1958)دەیەوێت بڵێت گەلێك چی ویست پێیدەگات، ئەگەرچی دیاری نەورۆزەكە بریتییە لە چەپكێك نێرگز، بەلام لەلایەك نێرگز سیمبوڵ و ناسنامەو نیشانەی هاتنی جەژنی نەتەوەیی كوردە، لەلایەكی تریشەوە خودی نێرگز، پێشكەشە بەچەند چینێك و بەگیانی ئەوانەی، كە لە پێناو ئەم گەلەدا گیانیان بەخشیوە، كەوایە نەورۆز لای شاعیر یادی شەهیدانە، نەورۆز هێزو وزەی خەباتە، بۆیە ئەم رۆژەی هەڵبژاردوە بۆ پێشكەشكردنی ئەم گوڵەی كەسیمبوڵی میوانی و هاتنی بەهارە، كەواتە 21/3بۆ كورد هەڵگری چەندین ماناو مەدلولی جیاوازە، بۆنموونە:

بۆ رۆژی نەورۆز سێ چەپك  لەنێرگس و گوڵی نەسك
ئەكەم بەدیاری یەكی جوان  بۆ گەلی كوردی قەرەمان
ئەم چەپكە گوڵەی من پێشكەش  بەوەی )گڕ (ئەگرێتە باوەش
بەو لادانەی كە بۆ وەتەن  لەخەبات پشوو نادەن
ئەم چەپكە نێرگسەی ژیان  پێشكەش بەتۆ بێ دایە گیان
بەتۆ و، بەو ژنانەی دوژمن  كوڕە گە نجەكانی كوشتن
پێشكەش بێ، بەهاوڕێی پاڵە  بەوەی ژیانی لا تاڵە
بەهەژارانی شارو دێ  بەبێ كەسانی سەرەڕێ ...كامەران موكری،ل109

كەواتە ئەم پێشكەشكردنەی نێرگزو گوڵ لە رۆژی نەورۆزدا، نیشانەی هێزی كاریگەری ئەم رۆژەیە لە باگراوندی دەرونی كورددا، یاخود ئەم مێژووە هێزو ئیرادەی نوێ دەكاتەوە بەبەر گیانی تاكی كورددا و باشترین ساتی ئەو خەلاتانەی كە پەیوەندی بە نەتەوەوە هەیە، رۆژی نەورۆزە.

3.**گۆران** :لەدوو شیعر لەسەر (نەورۆز-)(1960دا گۆران زۆر بەئاشكرا نەورۆز بەهێزی رووبەڕووبوونەوەو نەهێشتنی ئازارەكان دەزانێ، بۆیە نەورۆز لای كورد هێمای نوێبوونەوەو بەدەستهێنانی ئازادیو سەركەوتنە، نەورۆز كۆتایی هێنانە بەسیستەم و ناخۆشیەكان، ئەم هەوڵەش بۆ هەموو نەتەوە ژێردەستەكان وزەیە و كردویانەتە رەمزی بەرەنگاریو رزگاری، وەك دەڵێت:

ئەی نەتەوەی كاوەی زنجیر قەف قەف بڕ
رۆژی نەورۆز دای بەهەوری زستان ، دڕ
تازنجیری ئەژدەهاكی لەگەردن
نەتەوەیەك داماڵی پیكی ئاسن
شەوی دیلی بوو بەرۆژ ،خەم بەشادی
زستان گەڕا بە بەهاری ئازادی.

ئەی هاوچین و هاو نەتەوەی كاوەی مەرد

تۆیش بەبازووی خەباتی سەختی وەك بەرد

شەڕ فرۆش و، ئیمپریالیست و نا پاك

وا دا پلۆسە كە یەكسان بن لەگەڵ خاك

ئیتر هەرگیز، سەر هەڵ نەبڕن وێنەی مار

هەنگوینی ژین لەمرۆڤ پڕ كەن لەژار ........گۆران،ل309

كەواتە لێرەدا شەو نیشانەی زوڵم و زۆری و چەوسانەوەو رۆژیش نیشانەی هیواو ئازادییە، رۆژی نەورۆزیش ئەو ساتەیە، كە هێزی بوون و مێژوو دەبەخشێتە كورد.

یاخود لەشیعری )چواردەی تەموز(1959-دا كە بەخەبات و ئاواتی گەلی دەزانێ، بەوەی چواردەی تەموز رۆژی كۆتایی هاتن بوو بەسیستمی پاشایەتی و ئیمپریالیزم بەوپێیەی پاشایەتی عیراق لەگەڵ وڵاتی بەریتانیادا بوو، بۆیە ئەم رۆژە، رۆژی كۆتاهاتن بە پاشكۆی و سەربەخۆ بوونی وڵات دەزانێ، وەك دەڵێت:

تۆ ئاسۆی ئاواتی گەلی !

تۆ خۆشترین كاتی گەل !

چواردەی تەموز چواردەی تەمووز

تۆ هەڵهاتی، شەو دوایی هات

رۆژی گەلی عیراق هەڵهات

رووناكی كەوتە رووی وڵات

بژی شۆڕش بژی خەبات

دەزگای دەرەبەگی شكا ئیمپریالیس ئابڕووی تكا....گۆران،ل414

كەواتە چواردەی تەموز بریتییە لە رۆژی ئازادی گەلی عیراق و كۆتایی هاتن بە زوڵم و زۆری پاشایەتی، كە بەرامبەر بە گەلی عیراق بە هەموو نەتەوە جیاوازەكانەوە كردوە، شەویش نیشانەی ستەم و زوڵمی پاشایەتی و ژێردەستەی گەلی عیراق بەگشتی و گەلی كورد بەتایبەتی، هەرچی رۆژە نیشانەی هەڵهاتنی هیواو ئومێدی ئازادی و سەربەستی خەڵكییە، كەواتە نەورۆز لەم كۆدەقەدا كاتی مانا بەخشەو هێزو دەلالەتی جیاواز دەبەخشێت بەخوێنەرو لێرەوە دەبێتە نیشانەیەكی چالاكی دەقەكان، بەمانایەكی تر نەورۆز بووەتە شوناسنامەی ئازایەتی و هێزی بەخۆداچوونەوەو گیانی بەرگری گەلی كورد، بۆیە بەردەوام لە قۆناغە دشوارەكانی ژیاندا، ئامادەیی خۆی دەسەلمێنێت و كاریگەرییەكی بەهێزیش بەجێدەهێڵێت.

**قۆناغی سێیەم 1963-1969:**

1.**كامەران موكری** :لەشیعری (شەو) (1968)دا ئەوە دەخاتەڕوو، كەشەو بەوخاسیەتەی كەتاریكە و خاسیەتێكی نێگەتیڤە، بەڵام لەبەرئەوەی لەشەودا دەتوانێت بچێتە لای خۆشەویست، دڵدارەكەی، بۆ ئەمە خاسیەتی تاریكییەی بە پۆزەتیڤی شەو

داناوە بۆ گەیشتنە لای یار ، واتە شەو خاوەنی تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆیەتی، بەوەی شەو واتە ئارامی، بێدەنگی،نهێنی، وەك دەڵێت :

مانگ کە پێڵووی هەوری لێکنا، من دەمم برد

بۆ ئەستێرەی دەمو لێوێکی وەك یاقوت

چرۆو ئەستێرەکان و مانگ ، نێرگزو گوڵ

خونچەی وردی ئاڵ و ناسکی لق و چڵ

کەزانییان لەوان شیرنیترە روو و سنگ

هەموو یەکسەر پەنایان بردە بەر گزنگ

مناڵانی ناو شە پۆلی دەریای هەتاو

رێیان تەنیم بەدەزوولەی سەرنجی چاو

مەگەر دیسان لە پشت پەردەی شەودا بێ دەم

بنێمەوە سەر مانگی روو و هەوری پەرچەم .......دیلان، ل300

کەواتە شەو لێرەدا وەك خاسیەتی و هۆکارە بۆ گەیشتنە یارو شاردنەوەی ئەو رازانەی لەگەڵ یارەکەیدا هەیەتی، بەمانایەکی دی شەو بەمانا پێچەوانەکەی دەلالەتی پۆزەتیڤ بەکارهێناوە.

2.**حەسیب قەرەداغی** :لەشیعری (ئەی رۆژ) (10/12/1964)گرنگی رۆژ کە لەخۆیدا بریتییە لەکات لەوەدایە، ئەم شیعرە لەنوگرەسەلمان نوسراوەو باس لە خراپی و ناخۆشیەکانی ئەم بەندیخانەیە دەکات، بەوەی رۆژەکانی لەشەوە تارەکانی ناخۆشترو خەماوی ترە، خودی رۆژیش بریتییە لە کورد، لەئازادیەکان و شەویش رژێم و زڵم و نادادیەکانی سیاسەتی عەبدولسەلام دەکات، کەلەدژی کورد پیادەی دەکەن، واتە پێچەوانەی شیعری پێشووتر رۆژە، وەك یەك رۆژ، چ وەك ئەو سەردەمە بە نێگەتیڤ بەکاردەهێنێت، وەك دەڵێت:

ئەی رۆژ شەوی تار پەنگی خواردووە ئاسۆی دەم کەلی ئەوا شاردەوە

پە نجەرەی لەسەر شاری سەد ئاوات وا داخستوە کە وازی نەکات

وا باڵی رەشی خۆی داهێشتووە توێ بەتوێ ئەرزیش تامی چێشتوە

ئەوەندەش داخی شەومان کرد بەشێو کاسەی ئارامیش پڕبوو هەتا لێو

شەوی وانەبووە ئەی رۆژ بەچاوت ئەیەوێ ون کات شۆرەت و ناوت

شەو بێنەوە یەك وەك چاوی پە پوو کە لەگەل رۆژا بکرێت رووبەڕوو

سەهۆڵبەندانی رێوبان بشکێنە گوڵاوی گزنگ جوان بپرژێنە

بیبوژێننەوە بەهارو جوانی بزەی سەرلێوو خەندەی بەیانی

دڵدارانی تۆ لەسەیرانگای ژین دێنە ئاهەنگ و نەرم هەڵپەڕین

سەد پێك هەڵ ئەدەن لەو چاوە كاڵە  شەویش بێ ئیتر هەر "كەرناڤاڵەكە....."ل86

كەوایە شەو و ڕۆژ بۆ ئازادیو ڕزگاری جیاوازی نییەو كاتی خۆشین، بەڵام ژێردەستی، یان نەبوونی ئازادیەكان، شەو كاتی ئازارو سزادانەو ڕۆژیش بەهەمان ڕەنگدانەوەی ئازارەكان سیس دەبێت وگیرۆدەی ئازارەكان شەوە، بۆیە شەو وڕۆژ لەگەڵ ئازادیدا كاتی بەختەوەرین، كەواتە لەم دەقەدا شەو نیشانەی تاریكی و نەبوونی ئازادی و بوونی زوڵمەو ڕۆژیش بریتییە لە هیواو ئومێد و ئازادی و هیوای ئاسۆ.

3. **شێركۆ بێكەس** :لەشیعری (هێشتا لە پشتی باوكا بوون) (1967)ئەگەرچی شیعرەكە باس لە ڕاپەرین 6)ئەیلولی (1930 دەكات، بۆیە باسكردنە لەڕووداوێكی مێژوویی بەشێوەیەكی گشتیو خستنەڕووی ئەو كات و كەسانەی كە لەو ڕۆژەدا ڕۆڵیان لەسەر ڕاپەڕینی بەر دەركی سەرای شاری سلێمانی هەبووە، واتە دەیەوێت بڵێت ئەوە ئەو ڕاپەڕینەیە، كە كوردی لەناو ئەشكەوتی زوڵم و زۆریدا هێنایەدەرەوە، بۆیە بەردەركی سەرا، واتە كۆدەنگی كورد بەرامبەر بە سەپاندنی نوێنەرایەتی و قبووڵنەكردنی ژێردەستی، كەواتە كات بریتییە لە هێزی بوون و هەستانەوە، بەوەی كورد شەو و ڕۆژی زۆر بەسەر هاتووەو شەوەكان نەیانتوانی كورد لەناو قەڵایی تاریكیدا بشارێتەوە، بەڵام هێزی مانەوەی زۆر لەوە بەهێزترە كە بەنیازن لەناوی بەرن، وەك دەڵێت:

ئەوسا ئێمە هێشتا لەناو پشتی باوكابووین
لەدەروونی غەیب و دنیای چاو تاریكابوون
هیچیان نەبوون ..كەبروسكەی گیانی كوردستان
لەناو شەوا ڕۆژی ڕوونی نوێی دانەگیرسان
كە"ئەیلولی "گیان بڵێسەی بەردەركی سەرا
تەرمی ڕۆڵەی لەسەردەستی هیوا ئەگێڕا
كەفوارەی خوێن لەشی خاكی تینوی سوور ئەكرد
كەتاریكی لەژێر چنگی هەڵمەتا ئەمرد
كە" پیرەمێرد "گڵپەی شیعری لەسەر یارەدا
لەدڕكەزی ڕقو كینەی دوژمن بەرئەدا
كە"بێكەسی "بیرو ڕووناكی نەبەردوو ئازا
پشكۆی شیعری بەناو دڵی ڕەشا ئەچزا
كەخۆری دەم ...زامی شەبەق لەكەژوو هەردا
لەخوێن چەپكی ، گوڵی ...ئەكرد ...بەیەخەی كورددا ......تریفەی هەڵبەست، ل[131]

لەم دەقەدا هەریەكە لە)ئەیلول، پیرەمێرد، بێكەس (بەكارەكتەری سەرەكی هێناوەو ئەوە ڕووندەكاتەوە لەو كاتانەدا شاری سلێمانی ناداد پەروەری و سەپاندنی سیاسەتی خۆ ویستانەو پەراوێز خستی كوردی تێیدا زاڵكرابوو، بۆیە لەم ساتانەو ئەو دەنگانە ئەوەیان ڕاگەیاند كەشاری سلێمانی تەنها هی خۆیەتی و خۆشی حوكمی خۆی دەكات.

**قۆناغی چوارەم 1970-1975:**

1.**شێركۆ بێكەس** : شیعری ( بۆ نەورۆزی 1970 )ئەگەرچی تەواوی شیعرەكە، باسكردنە لەخەم ئازارو كۆی گشتی ئازارەكانیش ئەو نەهامەتی و شەڕانەی كە بەسەر كوردا هاتون، لەهەمانكاتدا شاعیر پێیوایە پەیوەستە بەبراكوژی كورد خۆیەوە، بەڵام شاعیر زۆر لەو تاوان و ئازارانەی پەیوەستكردوە بە نەورۆزو نەورۆز بە هۆكاری سەركەوتن دەزانێت، ڕاستە نەورۆز تاكە جەژنی كوردە، كەدەتوانێت تەواوی كورد بەهەموو ئایدیاو ڕەگەزو ئاینی جیاوازەكانەوە كۆبكاتەوە، بەڵام بەشێك لەو تاوان و خەباتە بەلاشعور پەیوەست دەكاتەوە بەدەرەوەی كورد خۆیەوە، بۆنمونە:

ئەی فریشتە تادوێنی بوو
هەڵبەستەكانم:
دڵیان تەنگ بوو ...وەكو گەرووی
پڕ لەگریانم
لەقەفەزی تاریكی یا خامۆش و مات بوون
دوور لەخۆراگەی ،
بەهارێكی نیازو ئاوات بوون
وەكو ساوای شیر لێ بڕاو
شەوگار نەنوستوو!
دەمی وشكیان ئەگێڕا بۆ:
گۆی مەمكی مردوو.
وەكو بێچوی چۆلەكەی ناو...
هێلانەی جێ ماو
با لەفڕێی هیوایان بوو ...بۆ ،
تنۆكێ ئاو ..................من تینویەتیم،ل[188]

بەهار چ وەك سروشت، چ وەك ساتی كرانەوەو هیواو ئومێدی مرۆڤ، بریتییە لە كاتێكی هیواخوازی ناخی شاعیر، ئەم كاتەش لەو كاتە ناخۆشانەوە سەریانهەڵداوە، كە تەواوی ژیان و بیركردنەوەی شاعیریان داگیركردوە.

یاخود دەڵێت :بەهاواری

تۆقێنەری کاوەی ناو دەنگم

لەگەڵ ماری ئەژدەهاکی ژینتا

ئەجەنگم ..............من تینویەتیم، ل187

کەواتە ژینێك کە ژینی دیکتاتۆری و ئەژیهاکییە، بووەتە کات و ساتی ئازارەکانی ناخی خودی دەسەلاّت لەلایەك و گەلی کورد لەلایەکی ترەوە، یاخود دەڵێت:

تریفەکەی مانگی بیریان تەماوی‌و لێڵ بوو

بەربەیانیان بەدوای شەوی

تاریکا ...وێڵ بوو!

کەشتی ی بەختیان روو لەگێژی

سەختی گەرداو بوو!

وەرزی ساڵیان دنیایەکی بەبێ هەتاو بوو

تادوێنێ بوو نەورۆزەکەت

دیلی زستان بوو

چەپکە نێرگز ...جێگەی ژێر پێی رق‌و تاوان بوو ......من تینویەتیم، ل189

ئەگەرچی شاعیر پشبینی نوێبوونەوە دەکات و بەهار بەهۆکاری سەرکەوتن و کۆتایی هێنان‌و تەسلیم بوون دەزانێ، بەلاّم ئەم روانینەی لەو ساتانەوە بەرهەمهێناوە، کە کوردی تێدا چەوساوەتەوەو زەمەنێکی زۆرە خۆری ئازادی لێگیراوە، بەوەی ئەوانە ناتوانن لە رووناکییدا بژین، چونکە لە تاریکی درووستبوون و بۆ تاریکیش دەژین، یان بەبێ تاریکی ناتوانن بژین، بەوەی رووناکی و بەرەبەیان سەرەمەرگی ئەوانە، یاخود دەڵێت:

ئەی فریشتەی ئازادی ژیان

خۆت ئەزانی فرمێسکی چاو ...هەنسکی گریان

چەند بڕ بژێن..چەند قووڵپی

ناسۆر هەڵبدەن

ئە نجام ئەبێ سەر بۆ شادی ی بەهار:

شۆڕبکەن

ئەبێ تیشکی خۆری هیوا

چاو هەڵبێنێ

ئێمەش هەموو ...بۆ یەکێتیی یەکتری بژین

دەبا ئیتر گریانی چاو

خۆش بكاتەوە......................................ل190

كەواتە كات لەم دەقەدا كاتی هیواو ئومێدو هێزو بوونی گەلە، چونكە وەرز وەرزی بەهارو میتا ماناكەشی 3/12و نەورۆزو هێزی گەلە، ئەم سەرشۆڕكردنەی بەهاریشمان لە را پەڕینی بەهاری1991دا بینی .

2.**عەبدوڵلا پەشێو** :لەشیعری (زستانی پار لەگەڵما بووی) شیعرێكە باس لەیادەوەری و یاكردنەوەی شاعیر دەكات، ئەگەرچی لەمۆسكۆو لەوەرزی ساردیو لەدوریدا نوسیویەتی، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو هۆكارە، بووەتە هۆی خەمی دوریو سەرمانەبوون، بۆیە زستانی پار بەهۆی یادی ئەوەوە ئەم گرفتانەی نەبووە، بەڵام لەزستانی ئەمساڵدا گرفتەكان سەریانهەڵداوە، پەیامی كاتی دەق، پەیامی ساردی و سەختی و گرفتی لەخۆدەگرێت، بەڵام یار هەوێنی چارەسەركردنی گرفت و بەربەستەكانی كاتە، بەمانایەكی تر كاتی بۆ نیشاندانی ئازارەكان بەكارهێناوەو باشترین كاتیش كاتی زستانە، واتە لەرێگەی زستانەوە ئازارەكان بە خوێنەر دەناسێنێت ، وەك دەڵێت:

زستانی پار لەگەڵما بووی:

لەم شارەدا

تا بەستەڵەك

گوڵە مێخەكەی لیَ دەردەچوو

تا چلورە

بەگوێسوانەو درەختەوە سەوزدەبوو

زستانی پار لەگەڵما بووی:

باران –تەڕی نەدەكردم

زریان - پە نجەی نەدەبردم

گوڵە گە نمێكی گەرمێن و

كوڵۆ بەفرێكی كوێستانم لەگەڵ بوو...ل[51]

كەواتە لێرەدا زستان هێزی بەرەنگاری و رووبەرووبوونەوەی شاعیرە، لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتی و ئازارانەی، كە دووری یار بۆی دروستكردون.

3. **سوارەی ئیلخانی زادە** :لەشیعری (دووی رێبەندان) دا لەگەڵ ئەوەی باسكردنە لەو ساتەی دوو رێبەندان، بەڵام لەهەمانكاتیشدا پەیامە بۆ گرنگی ئەم ساتە، لەلایەك ئەم مێژووە یادی دامەزراندنی كۆماری كوردستانەو ئەمەش واتە بوون و راگەیاندن و ناساندن وەك نەتەوەو دەوڵەتە، بۆیە یەكەمین كاتی ناساندن و جاڕانی بوونیەتە لە سەردەمی مۆدێرینەدا، لەلایەكی تریشەوە بۆ خەبات رێنوێنیكردنەو بۆ رژێمیش سەرلێشێوانە، چونكە وەرزی سەرماو بەفربارینە لەشاخەكان، بەمەش باشترین دەرفەتی خەباتكردنە، واتە دووی رێبەندان نیشانەی سەرلەنوێ دەستپێكردن بەو هەڵمەتانەی كە دوژمن دەپسێنن، یان دەتۆقێنن، دووی رێبەندان ساتی تۆڵە سەندنەوەو نیشانەی هێزی شۆڕشگێڕەكانە، وەك دەڵێت:

بیرەوەری دووری ڕێبەندان      دەمخاتەسەر بەستەو بەندان

ڕێبەندانی ڕێنوێنە      لەداگیرکەر سەر شێوێنە

هەڵات –هەڵات لەهەموو دیاران   پێ پیلکەی دێو تەختی تاران

دوژمنی کورد جێ پێ لیژە      بابگێڕین گەڕەلاوێژە..........خەوەبەردینە،ل[46]

یان :

نەزیلەی پا پیزان وایە      "شەو بۆ مێران وەك قەڵایە"

شەوەی شەو لەشی کوشیبووین   ڕێبەندان ڕێگای تەنیبووین

گیانمان خارا بەدەردو ئیش      ڕێگای ئازادین گرتە پێش

پاش چەند ساڵ لەنوور دووریمان    هەڵبوو چرای جمهوریمان .......خەوەبەردینە،ل49

هەرچەندە شەو نیشانەی تاریکی و کوشتن و زوڵم و دواکەوتوییە، بەلاّم لێرەدا شەو بووەتە هێزو پشتیوانی و ڕێنوێنی، واتە ئەگەرچی شەو ئازارو نەهامەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەلاّم لەهەمانکاتیشدا هیواو ئومێدێکە بۆ گەیشتنە ئازادی، شەو سەرەتایەکی نوێ و هیوایەکی ڕووناکی بۆ سەربەخۆیی بە کورد بەخشی، کە ڕاگەیاندنی کۆمار بوو لەو شەوەدا.

## ئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

### ئەنجامە گشتییەکان:

سیمیۆلۆژیا لای پێرس پەیوەستە بە لۆژیك و لای سۆسێر پەیوەستە بە زمانەوە.

سیمیۆلۆژیا لەمڕۆدا بووەتە قوتابخانەو میتۆدێکی گرنگی لێکدانەوەی دەق و تەواوی پێکهاتەکانی دەق و دەرخستنی ڕۆڵ و ئەرك و کارنامەی هەریەکە لەم پێکهاتانەی دەق لەناو دەقدا.

بەپێی سیمیۆلۆژیای کات، کات لە تەواوی دەقەکاندا بوونی هەیەو لەگەڵ ئەم بوونەشدا بەشێکی گرنگی میتا مانای دەق لەخۆدەگرێت.

### ئامانجە تایبەتییەکان:

کات لەدەقی شیعریی کوردیدا بە گشتی و قۆناغی 1950-1975 پێگەو ڕۆڵێکی گرنگی لەناو دەقدا هەیە.

کاتی نەورۆز لە قۆناغی شیعری کوردی1950-1975 بەهێزترین کاتی ناو دەقی شیعری کوردییەو زۆربەی شاعیرەکان ئەم کاتەیان بەکارهێناوەو هەمووشیان بۆ مەبەستی شاردنەوەو بەدەلالەتکردن بەکاریانهێناوە.

لەقۆناغی 1958-1962کاتی نەورۆز پێگەیەکی بەهێزی لەناو شیعری شاعیراندا هەیە، وەك ئەوە وایە نەورۆز هێزی ڕزگاری و ئازادی ئەو قۆناغە بوویێت، یاخود ئەوە هێزی نەورۆز بوو ئەم قۆناغەی بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئەو قۆناغانەی ستەم و زوڵمی زۆر بەرامبەر گەلی کورد کرابێت ، نەورۆز بووەتە هەوێنی شیعری شاعیران، چونکە نەورۆز نیشانەی نەتەوەیی و هێزی بزاوتی گەلی کوردە وەك لە قۆناغی یەکەم و وارەمدا دەبینرێت

بەگشتی کات لەم ماوەی شیعری شیعری کوردیدا، لە چوارچێوەی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە، واتە کاتیش زۆربەی جار وەك نیشانەی باری سیاسی و رزگاری بەکارهێنراوە.

بەگشتی کاتی)شەو، رۆژ (لەم ماوەدا بوونەتە نیشانەو دەلالەتی سیاسی لە دەقی شیعری کوردییدا.

**سەرچاوەکان:**


ئەفشین بەهاری زەڕ، خەوەبەردینە ، پەخشگای ئازادی، کوردستان، 2709

حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، )بەرگی یەکەم ،دووەم(، دەزگای ئاراس، 2002

دلێر میرزا :دیوانی نوری وەشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بلاو کردنەوە، سلێمانی، 2002

شێرکۆ بێکەس، تریفەی هەڵبەست، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بغداد، 1968

شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، پرۆژەی کتێبی دانسقە، سلێمانی، 2002

شێرکۆ بێکەس، من تینویەتیم بە گڕ دەشکێ، دار الحریە للگباعە، بغداد، 1973

عبدوڵلا پەشێو ، دیوانی دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو، هەولێر، 1996

عەبدوڵلا ئاگرین، دیوانی کامەران موکری، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، 1987

کامل ژیر، نازەنین، چاپخانەی نور، بەغدا ، 1957

کامل ژیر، هەڵبەستەکانی ژیر، دەزگای چاپەمەنیی رۆژ، سوید ، 2002

د .مارف خەزنەدار، دیوانی دیلان، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، 1969

محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، کۆڕی زانیاری عیراق، 1980

- د.ابراهيم انيس، دلالة الالفاض، مكتبة الانجلو المصرية،ط5، 1985
- اميل بنفنست، في مدخل الى السيميوطيقا، ت :سيزا قاسم، دار الياس العصرية ، ب .ط ، ج 2
- ان اينو، السميائية الاصول و القواعد و التاريخ، ترجمة :رشيد بن المالك، دار مجدلاوى للنشر و التوزيع، 2008
- بسيام قطوس ، سيمياء العنوان ، وزارة الثقافة ، عمان ، الاردن ، ط ، 2001
- بولى كوبلى ، ليتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ترجمة جمال الجزيرى، المجلس الاعلى للثقافة ، 2005
- بيير غيرو ، السيمياء، ترجمة :أنطوان ابوزيد، منشورات عويدان ، بيروت ، باريس، 1984
- جان مارى و الاخرون، العلاماتية و العلم النص، ترجمة :منذر عياشى، مركز الانماء الحضارى، سوريا،200
- د.جميل حمداوي ،بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات، ، مغرب ، . 2011

- جوليا كريستفا، علم النص ،ت :فريد الزاهى، دار توبقال، دار البيضاء،1991، 15
- سعيد بنطراد ، السيميائيات و مفاهيمها وتطبيقاتها، دار الحوار للنشر والتوزيع ، لازقية سورية ، ط 3، 2012
- عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و السيمياء الادب،منشورات الاختلاف،بيروت،2010
- د.فرج عبدالقادر طه واخرون، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، دار سعاد الصباح، كويت، ط1، 1993
- فرديناد دى سوسور ، علم اللغة العام ، ت :يوئيل يوسف عزيز، آفاق العربية، بغداد ، 1985
- فيصل الاحمر ، معجم السيميائيات ، منشورات الاختلاف،الجزائر ، 2010
- د.مازن الوعر ،مقدمة علم الاشارة ، دار طلال للدراسات و الترجمة،ط1، 1988
- د. محمد سالم سعدالله، مملكة النص، التحليل السيمائى للنقد البلاغى، عالم الكتب الحيث، الاردن، 2007
- محمد عزام ، النقد والدلالة، نحو تحليل السيميائى للادب، منشورات وزارة الثقافة، سورية، دمشق، 1996
- محمد مفتاح ، في سيمياء الشعر القديم ، دراسة نظرية و تطبيقيه ، دار الثقافة، المغرب ، 1982
- معين زياده واخرون ، الموسوعة الفلسفية العربية ، لبنان ، 1986
- منذر عياشي ، العلاماتية وعلم النص، المركز الثقافي العربى، الدار البيضاء، بيروت، لبنان، . 2004

- آنه مارى دينةسن ، در آمدى برنشانة شناسي ، ترجمان :مظفر قهرمان ، نشر ثرسش ، 1380
- بابك احمدى ، ساختار وتأويل متن ، نشر مركز ، ضاث هفتم ، تهران ، 1384

- Aristot:lappoetique(E.d seuil,paris)1979
- Charles s.peirce : collected papres : the Belknap press of Harvard university press , combridge , Massachusetts. 1965 ,
- Greenlee , Peirce s Consept of Sign Mouton , 1973

- مجلة العرب والفكر العالمى ، عدد (3)بيروت، 1988،
- مجلة العرب والفكر العالمى ، عدد (5)
- مجلة الاثر ، جامعة عمار ثايجى الأغوط ،جزائر

- سيميۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی ( مەلای جزیری ) دا، کامەران ئیبراهیم خەلیل مشەختی ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، 2007

# سيميولوجيا الوقت في النص الشعر الكردي

**الملخص**

يعتبر السيميولوجيا ، او علم الأشارة ، كتفسير للنص، و لها دورا هاما فى الشعر الجديد، لأنها يمكن أن تستخدم لتفسير معنى وتحليل الاشارات لكى يحدد المعنى الأساسي النص.

هذا البحث يتطرق معنى الوقت في منظور علم سيميولوجي، و يدرس أهمية و معنى الوقت فى الشعر و في الوقت نفسه، مع أهمية العلامات سيميولوجية على التحليل و معنى النص .ولهذا الغرض يتم إعطاء قصائد (14)الشاعركأمثلة ما بين 1950-1975.

و فى النتيجة ان الوقت له دورا كبيرا في معنى النص الشعر الكردي و هو صاحب المعنى والفكرة نفسها في النص، بمعنى الاخر سيميولوجيا الوقت في النص تحدد معنى الوقت و فى منظور اشارة السيميولوجية مع تحديد معنى السياقي فى النص .

# Semiology of Time in Kurdish Poetry

**Summery**

As an interpretation of a text, semiology has had a profound impact on modern poetry because it can work accurately and point out the underlying meaning of a text.

This research deals with the meaning of time from semiological perspective. Hence, *oeuvre* of fourteen poets between 1950 and 1975 has been selected. However, the role and significance of time in poetry and the importance of semiological signs on the meaning and analysis of texts have been studied.

In conclusion, it is noted that time has a profound role in creating meaning in Kurdish texts and it is the meaning and the idea *per se*. Moreover, semiology signals the meaning of time and contextual meaning in texts.